

مەرگی عارفێك، رۆشنبیرێك، رۆژنامەنوسێك، مەرگی جوانییەکان

خەبات نەوزاد

"رۆڵەکانم بەخودا بۆنی ئەکرەمتان لێدێت، تو خودا بێ ئەکرەمم نەکەن"، ئەمە وتەی دایکی مامۆستا ئەکرەم عەنەبی بوو کە رۆژی ٤/٢٠ هاتە نێو هۆڵی ئەحمەد موختار جاف و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا بەشداری لەکۆری ماتەمینی کورەکەی کرد.

دایکی مامۆستا ئەکرەم... خاتونێکی بەتەمەن کە لە نێو چاوانیدا هەستت بە ماندوبونێکی زۆری کاروانی تەمەنی دەکردو بەوردی تەواوی ئازارەکانی زیندەگیت ئەخوێندەوە، خۆی‌و چەند کچێکی خەمباری گەنج خۆیان کرد بەنێو ئەو هۆڵەدا کە کۆری ماتەمینی کورەکەی و خێزانەکەی تێدا بەرێوە دەچوو، ئەو خاتونە لەگەڵ هاتنە ژورەوەیدا بەهێمنی دەگریا و دانەبەدانەی ئەو گەنجانەی ماچ دەکرد کە لەنێو ئەو هۆڵەدا حزوریان هەبوو لەبەر خۆیەوە بە ئاوازێکی خەمناکەوە دەیوت "بێ ئەکرەمم مەکەن"، ئەمە ئەو رستەیەبوو کە تەواوی ئامادەبوانی نێو هۆڵەکەی خستە گریان.

رۆژی ١٩ی ئازاری ئەم ساڵ بەمەبەستی گەرانەوەی لە شاری هەولێرەوە بۆ هەڵەبجە "بۆ نێو خزمان‌و دۆستانی"، ئەکرەم عەنەبی و سارا ئەنوەری خێزانی و هەردوو کچە خنجیلانەکەیان هێلین و لادن کەوتنە رێ و لەرێگای کەرکوك هەولێر تۆشی کارەساتی ئۆتۆمۆبیل بوون کە بەهۆیەوە ئەکرەم عەنەبی و خێزانەکەی و کچە گەورەکەی گیانیان لەدەستدا.

رۆژی ٢٠ی نیسان لە چوارچێوەی یادی رۆژنامەگەری کوردیدا بەرێوەبەرایەتی رۆژشنبیری هەڵەبجە بەهاوکاری دۆستانی مامۆستا کۆرێکی ماتەمینی بۆ کۆچکردوان سازدا، ئیبراهیم هەورامانی بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری هەڵەبجە بەئاوێنەی وت کۆچی مامۆستا ئەکرەم خەسارەتێکی گەورەبوو لەم شارەکەوت "چونکە بەراستی کەمن ئەو کەسانەی لەم شارەدا بتوانن ئاستی رۆشنبیری و زانستیان بگەیەننە ئاستی ئەو پیاوە". هەورامانی لەدرێژەی قسەکانیدا ئەوەی وت "چونکە عەنەبی رۆژنامەنوسێکی زانا بوو بۆیە بریارماندا لە ١٠٩ ساڵەی یادی رۆژنامەگەری کوردیدا ئەو کۆرە ماتەمینیەی بۆ بگێرین".

ئەو رۆژە پاش یەك دەقیقە وەستان بۆ رۆحی شەهیدانی کوردستان و کۆچکردوان بەدەم سرودی "ئەی رەقیبەوە"، لەلایەن خاتو ئەختەر مەحمود دایکی مامۆستا ئەکرەم و ئەنوەری باوکی ساراوە سێ مۆم وەك وەفایەك بۆ هەرسێ کۆچکردوان داگیرسێندرا.

ئەمە یەکەم کۆست نییە خاتوو ئەختـەری دایکـی مامۆسـتا عەنـەبی دووچـاری دەبێـت، ئـەم خاتوونـە هـەر لەساڵی ١٩٨٥ەوە لەگەڵ تاڵی ژیان ئاوێتە بووە کاتێك حەمەصالحی مێردی لەدەسـتدەداتو پاشـان کارەسـاتی ١٩٨٨/٣/١٦ کوڕە گەورەکەشی لێ دەستێنێتەوە، ئێستا بە کۆچـی ئـەکرەمی "عـارفی" کوڕیـشی هێنـدەی تـر خەم بەرۆکی دەگرێت.

ئەکرەم عەنەبی ناوی تەواوی "ئەکرەم حمەصالح دەروێشە" و لە ١٩٧١ لـە گونـدی عەنـەب لـەدایك بـووە، ئەو لـە ١٩٩٣دا یەکـەمین بەرهـەمی ئـەدەبی بڵاوکردوەتـەوە، عەنـەبی لـە ٢٠٠١ دا بەپلـەی زۆرباشـە بروانامـەی "ماجێستەر" لە زانکۆی سەلاحەدینی پێدەبەخشرێت و لە ٢٠٠٥ دا دەبێتە خوێندکاری دکتۆرا لەهەمان زانکۆ کە بەگوتەی سەرچاوەیەکی نێو ئەو زانکۆیە "تێـزی دکتۆراکـەی ئـەم مامۆسـتایە لەسـەر بابـەتێك بـوو کـە لـە نێـو ڕێزمانی کوردیدا تائێستا وێنەی نیە".

لە نێو ئەو هۆڵەدا گەنجێك کە بە حەسرەتەوە لە بیری ئەرشیفکردنی ئەم یادەوەریە تاڵە بوو، شانازی بەوە ئەکرد کە "کاری ئەتروحـەی قونـاغی کۆتـایی بەشـی دەرهێنـانی پـەیمانگای هونەرەجوانـەکان کـاری مامۆسـتا عەنەبی بووە"، کامەران سوبحان هەرگیز ساڵی ١٩٩٦ ی لەبیر ناچـێت ئەوکاتـەی ئـەو قوتـابی قۆنـاغی چـواری پەیمانگای هونەرەجوانەکان بووە بەشی دەرهێنان "چون ئەو ساڵە کارێکی هاوبەشی لەگـەڵ ئـەم مامۆسـتایەدا هەبووە"، کامەران زۆر دڵخۆش بوو کە ئەو کارە یەکێك لە باشترین کارەکانی ئەو ساڵەی بووە، ئەو هاوڕێیەی مامۆستا لە وەسفی ئەم مەرگەدا وتی ئەمە "مەرگی جوانیەکانە".